# توخمە سەرەکییەکانی ریکلام لە تەلەفیزیۆندا

چەند توخمێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ریکلامی تەلەفزیۆنییدا بەشداردەبن، کەوا هەر توخمێکیان خوازراوبن یان نەخوازراو، پێویستە بەکاربهێندرێن. هەموو ئەو توخمانە گرنگن بۆ هێزی ریکلامی تەلەفزیۆنی.

بەشێوەیەکی سەرەکی پێنج توخم لەپێکهاتەی ریکلامێکی سەرکەوتوویی تەلەفزیۆندا بەشدار دەبن و دەردەکەون:-

1- هەست و سۆز جولاندن.

پێویستە ریکلام لایەنی کەم هەندێك سۆزی بۆ بینەر تێدابێت. بەبێ توخمی هەست و سۆز جولاندن، بینەر بەبێ دەنگی لەسەیرکردنی ریکلامەکە دەردەچێت و لێ ی دادەبڕێت. هەر بۆیە نەبوونی ئەم توخمە لە ریکلامی تەلەفزیۆندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆڕینی کەناڵی تەلەفزیۆنی.

دەکرێت هەست و سۆز جولاندن لە رێگەی بەپێکەنین هێنانی بینەر بێت یان لە رێگەی سەرنج و دڵ راکێشان بێت یان لە رێگەی ووروژاندنی بینەر یان بە تەماکردن و چاوەڕێ دروست کردن. هەست و سۆز جولاندن، هەر شتێك بێت گرنگ ئەوەیە بینەر هەست بەهەندێك شت بکات.

2- ڤیدیۆ.

پێویستە ریکلام بە تەنها لەرێگەی ڤیدیۆوە توانای گەیاندنی پەیامی ریکلامەکەی هەبێت و ئەو ڤیدیۆیە بە تەنها هەڵگری ئەو هێزو مانایە بێت کەوا ریکلامەکە دەیەوێت بیگەینێت. واتا پێویستە ریکلامەکە پەیامەکە تێپەڕێنێ بەبێ رەچاوکردن و چاوەرێکردنی دەنگ ( Audio ). ریکلامەکە پێویستە لەرێگەی ڤیدیۆوە هەموو زانیاریە پێویستیەکان پیشانبدات، چونکە رەنگە تۆ دەنگەکەت گرتبێتەوەو بەتەنها بینین رۆڵ ببینێت و وا لێ ی تێبگەیت کە ریکلامەکە پەیوەندی بەچی یەوە هەیە و باسی چی دەکات. هەر لە رێگەی بینینەوە ئەمانە بە پێ ی پێویست پیشان بدرێت لەوانە:-

- ژمارەی تەلەفۆن.
- ناونیشان ( address ).

- **ویب سایت ( ئەگەر ویستت ).**
- **ئۆڤەری تایبەت ( Special Offer ).**

**پێویستە هەموو ئەمانە لەڤیدیۆیەکدا کۆبکرێنەوە.**

3- **دەنگ ( Audio ).**

**ئەو بیرۆکەیەی کەوا بەسەر ڤیدیۆ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجێ دەکرێت، بە هەمان شێوە پێویستە بەسەر دەنگ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجێ بکرێت. دەنگ پێویستە خاوەنی هێزی خۆی بێت. پێویستە دەنگ هەڵگری هەموو ئەو زانیاریانە بێت کە ریکلامەکە دەیەوێت بیگەیێنێت و چاوەڕوانی ڤیدیۆ ( بینین ) نەکات. دەنگ و ڤیدیۆ، پێویستە هەریەکە خاوەن هێزی خۆی بێت و بەنیەتی یەکتر تەواو کردن، دروست نەکرێن. رەنگە دەنگ ببێتە پڕکردنەوەی توانای کەمی بینین، دوای ئەوەی ڤیدیۆ دوا توانای خۆی بەکاردێنێت، بەڵام سوودی زیاتری هێزی دەنگ بەتەنها لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا بۆ ئەوەیە کەوا پانتایی وەرگرو کڕیار زیاد بکات و برەو بەبەرهەمەکە دەدات و فرۆش زیاد دەکات. بۆیە پێویستە دەنگەکە روون و رەوان و زمان پاراو بێت. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لەریکلامێکی تەلەفزیۆنی بەتەواوی تێبگەین ئەگەر بێت و چاومان بنوقێنین یان سەیری نەکەین و تەنها گوێ ی بدەینە ریکلامەکە.**

4- **هاوکات بوون و لەگەڵ یەکەوە بوونی ڤیدیۆ و ئۆدیۆ.**

**واتا بەهاوتەریبی لەگەڵ یەکتردا رۆیشتنی ڤیدیۆ و دەنگ بەیەکەوە. پێویستە لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەی دەبینین ئەوەش ببیستین یاخود ئەوەی دەبیستین ئەوەش ببینین. ئەو شێوازە توندو تۆلی و گونجان و یەك پارچەیی وەك زنجیرەیەك دەداتە ریکلامەکە.**

5- **داواکردن بۆ کڕین ( Call To Action ).**

- **ئایا تۆ چیت لە بینەر دەوێت؟**
- **ئایا ووتەی مەبەستەکە چی یە؟**
- **لەکۆتایی دەتەوێت چ بەبینەر بلێیت؟**

داواکردن بۆ کڕین، واتا شوێن و ناونیشانی بەرهەمەکە بەئاسانی بە بینەر بلێیت و لەبیرنەکەیت، چونکە ئەمە هۆکاری سەرەکیە کەوا دەویسترێت ریکلامی بۆ بکرێت. داواکردن بۆ کڕین یان داوا لێ کردن و پێ ووتن بە وەرگر بۆ چۆنێتی کڕینی بەرهەمەکە و دەستکەوتنی.

چەند دەستەواژەیەکی باو بەکاردێت وەك:-

- دوا نەکەویت...ئێستا پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 12345678

- هەر ئەمرۆ سەردانی فامیلی مۆڵ بکە.

- هەر ئێستا سەیری ویب سایتی www.greenland.com بکە.

- تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لەبەردەستدایە...ئەگەر نەما لەدەستت دەچێ.

تێبینی:- لە ریکلامی تەلەفزیۆندا زیاتر ووشەی تۆ یان ئێوە بەکاربێنە لەجیاتی ووشەی من یان ئێمە.